## دەروازەیەك بۆ ناساندنی کارگێڕی بەرهەمهێنان و پڕۆسەکان

پێشەکی:

زۆربەمان ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر لە کاڵاکان و خزمەتگوزاریەکان بەکاردەهێنێن بۆ ئەنجامدانی کارێك یان چالاکییەك, بۆ نموونە بەکارهێنانی مۆبایل بۆ پەیوەندیکردن، بەکارهێنانی کۆمپیوتەر, بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل بۆ گواستنەوە لە جێگایەك بۆ جێگایەکی تر، هەروەها بەکارهێنانی خزمەتگوزاریە جیاوازەکان وەکو خزمەتگوزاری تەندروستی و خوێندن و ....تاد.

ئەو هەموو کاڵا و خزمەتگوزاریانە کە ئێمە بەکاریدێنێن لە چەندین جۆری هاتووەکان (المدخلات- Inputs) پێکهاتووە و ئەم هاتووانەش بە پڕۆسەی گۆڕین (عملیه التحویل- process) تێپەڕدەبن بۆ ئەوەی وەکو دەرچووەکان (مخرجات - Outputs) بگەن بە دەستی بەکاربەران لە شێوەی کاڵا (سلعه - Goods) یان خزمەتگوزاری (خدمه - Services). وە ئەو یەکە کارگێرییەی کە بەرپرسە لەم پرۆسەیە لە ناو ڕێکخراودا پێ دەوترێت کارگێری بەرهەمهێنان و پرۆسەکان (اداره الانتاج و العملیات).

کارگێڕی بەرهەمهێنان و پڕۆسەکان (اداره الإنتاج والعمليات):
بریتییە لە پڕۆسەیەکی کارگێڕی تایبەت بە وەزیفەکانی (پلاندانان و ڕێکخستن و ئاراستەکردن و چاودێریکردن) بۆ چالاکیەکانی پەیوەندیدار بە دروستکردنی کاڵاو خزمەتگوزاری لە ڕێگەی گۆڕینی هاتووەکان (المدخلات) بۆ دەرچووەکان (المخرجات).

بەرهەم (الإنتاج): بریتییە لە پڕۆسەی گۆڕینی هاتووەکان یان سەرچاوەکان (کەرەستە، سامان، کرێکار، ئامێر، زانیاری) بۆ کاڵا.

پڕۆسەکان (العمليات): مەبەست لە پڕۆسەکان بریتییە لە گشت ئەو چالاکیانەی کە لەگەڵا پڕۆسەی گۆڕینی سامانە بۆ کاڵاکان، واتا تەنها تیشك ناخاتە سەر پڕۆسەی گۆڕین بەڵکو هەموو چالاکیەکی پێویست بە پڕۆسەی گۆڕینی هاتووەکان بۆ دەرچووەکان دەگرێتەوە وەك چاککردنەوە و گواستنەوە و دابەشکردن.

گرینگی کارگێری بەرهەم هێنان و پڕۆسەکان (أهمیه اداره الإنتاج والعملیات)

1. لەبەر ئەوەی کارگێری بەرهەمهێنان بە یەکێك لە ئەرکە هەرە سەرەکیەکانی هەر ڕێکخراوێك دادەندرێت، بۆیە پێویستە گرنگی پێبدرێت و لێکۆڵینەوەیەکی باشی بۆ بکرێت, بە مەبەستی ڕێکخستنی سەرچاوەکانی رێکخراو، وە ئاراستەکردنی بۆ بەرهەمهێنان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی ڕێکخراو لە هەردوو ماوەی دوورخایەن و نزیك خایەن.

2. بەرهەمهێنان بریتییە لە چالاکیەکی ئابووری کە دەستەبەری کاڵا و خزمەتگوزاری دەکات کە کۆمەڵگا پێویستی پێیەتی, بۆیە لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا دەرفەت (بوار) دەدات بۆ زانینی چۆنیەتی بەرهەمهێنانی کاڵاکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان.

3. ڕێژەی (60% تا 80%) سەرچاوەکانی ڕێکخراو تەرخان دەکرێت بۆ چالاکیەکانی بەرهەمداری، وە ئەم سەرچاوانەش بریتین لە (باڵاخانەکان، کەرەستەی سەرەتایی، ئامێر و کاڵای نیوە دروستکراو، کاڵای تەواو دروستکراو). بۆیە لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا وە زانینی پەیوەندیەکانی لەگەڵ چالاکیەکانی تری ڕێکخراو، هەروەها ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە دەرەوەی ڕێکخراون دەرفەت (بوار) دەڕەخسێنێت بۆ باشترین بەکارهێنان بۆ سەرچاوەکان لە سەر ئاستی ڕێکخراو وە لە سەر ئاستی کۆمەڵگا.

4. لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا یارمەتیمان دەدات بۆ ناسینی یان زانینی ئەو چالاکیانەی کە بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان پەیڕەوی دەکات، لەبەر ئەوەی زانینی ئەو چالاکیانە فاکتەرێکی گرینگە بۆ بەرەو پێش چوونی توانای بیرکردنەوەیان.

5. گرینگی کارگێری بەرهەمهێنان و پڕۆسەکان لەوە دەردەکەوێت کە دەرفەتێکی باش بۆ ڕێکخراوەکان دەڕەخسێنێت بۆ بەدەست هێنانی قازانج یان کەمکردنەوەی تێچووی بەرهەمهێنان، کە ئەمەش هەڵوێستی کێبرکێی ڕێکخراو بەهێزتر دەکات بەرامبەر ڕکابەرەکان

ئامانجەکانی بەرهەمهێنان (أهداف الانتاج)

1. ئامانجە کۆتاییەکان (أهداف نهائیە): تایبەتە بە دیاریکردنی بوون و قەبارە و تێچونی کاڵای بەرهەمهاتوو.

2. ئامانجە ناوەندیەکان (أهداف وسیگە): بریتییە لە بەکارهێنانی هاتووەکانی پڕۆسەی بەرهەم لە ووزە و کەرستە و ئامێرەکان، وە لە ڕێگەیەوە ئامانجە کۆتاییەکان بە دەست دێن.

3. ئامانجەکانی وەزیفە (أهداف وڤیفە): تایبەتە بە ئەنجامدانی چالاکیەکانی وەزیفە جۆراوجۆرەکان کە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی ئامانجە کۆتاییەکان و ناوەندیەکان، وەکو چاودێری لەسەر کوالێتی و چاککردنەوە و بە کۆگاکردن.

4. ئامانجە سنووردارکراوەکان (أهداف مقیدە): ئەو ئامانجانەن کە بەرهەمهێنان پابەندە پێوەی بەرامبەر بە بەشەکانی تری دامەزراوەکە وەکو بەبازاڕکردن و پارەدارکردن.

5. ئامانجە تەواوکاریەکان (أهداف متکاملە): پڕۆسەی پلاندانان کۆتایی دێت کاتێك کە هەموو ئامانجەکانی هەموو بەشەکانی ڕێکخستنی کۆمپانیا تەواوکار دەبن تاوەکو ڕێکخستنی گشتی بتوانێ ئامانجەکانی بەدەست بێنێت.

وەزیفەکانی کارگێڕی بەرهەمهێنان و پڕۆسەکان

1. دارشتن و پەرەپێدانی کاڵاو خزمەتگوزاری.

2. دیاری کردنی شوێنی ڕێکخراو.

3. ڕێکخستنی ناوەخۆی ڕێکخراو.

4. ئامادەکردنی بارودۆخی ماددی کارکردن.

5. دیزاینکردن و پێوانەکردنی ڕێگاکانی کارکردن.

6. پێشبینی کردنی قەبارەی بەرهەم هێنان و پڕۆسەکان.

7. پلاندانان و چاودێریکردنی بەرهەم هێنان وپڕۆسەکان.

8. چاودیری کردنی کوالێتی.